DAN
BRAWN



دان براون نووسـەری رۆمـانی کۆدی داڤنشـی:

# تا رۆمانی قەڵای دیجیتاڵ بووە رۆمانێکی ٣٥٠ لایەڕەیی زیاتر لە هەزار لایەڕەم نووسی







و: عـەبدوڵا مـەحـموود زەنگنـە

ڕۆمـانی کۆدی داڤنشـی لە ڕووی فرۆشـەوە ژمارەی خـەیاڵیی تۆمـار کـرد و لە زۆرینەی وڵاتانی جـیـهانیـشدا پەرچەکرداری جـۆراوجـۆری لێ کـەوتـەوە، ئەم ڕۆمـاننووسـە چەندین ڕۆمـانـی تری هـەیە، وەک ڕۆمـانی "ڕاسـتـیی فـریودان"، "فـریشـتـە و شـەیتـانەکـان"، "قـەڵای دیجـیـتـاڵ" کـە ئەم دیالۆگـەی لەبارەوە کـراوە. لەمـیـانەی ئەم دیالۆگـەوە لەگـەڵ دان براون دەچینە جیهانی داهێنان و پاڵنەرەکانی لە نووسیندا.

دان براون لە شارەدێی "نیوئینگلند ئیکستر" لە "نیو هامشیر" لە ساڵی ١٩٦٤دا لە دایک بووە، کوڕی مامۆستـایەک بووە کە خاوەنی کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێب بووە، ئەمیش لەسەر هەمـان بەرنامـەی باوکی بەڕێوە چووە لە خـوێندن و ئیشکردنا، چونکە دوای تەواوکـردنی خوێندن بووەتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی، شانبەشانی نووسینیش گەشتوگوزار و یاریی تێنس و دانانی مۆزیکی کردووە.




* ئایا ئەوەت دانابوو کە ببیتە نووسەر؟

– بەتەواوی نـا، کـە کـۆلێـژم تەواو کـرد حـەزم لە چیـڕۆکنووسـین و دانانی مـۆزیک دەکـرد، مـاوەیەک لە هۆڵیـوود ژیام و ویسـتـم لە بواری گـۆرانی و مـۆزیکدا شـتـێک بکەم بەڵام سـەرکـەوتوو نـەبووم، بۆیە بڕیارم دا ڕوو لە چیـڕۆکنـووسـین بکەم، ئەوە بـوو فـرۆشـێکی باشـم تێـدا بەدەست هێنا. ئیـتـر لەوەوە بـۆم دەرکـەوت کـە لە بواری نووسـیندا بـەهرەم هـەیە، بـەڵام پرسـەکـە ڕادەیەک ئارامی و بەردەوامیدانی دەویست، لێرەوە گـەشـتی چیرۆکنووسـینم دەستی پێ کرد.

* خوێندن و فێربوون ئامادەی کردیت بۆ نووسین؟

– تا ڕادەیەکی زۆر، چـونکە بەرهـەمگەلێکی زۆری کـلاسـیکم خـوێندەوە کە وردەکـارییـان تێـدا بـوو لە ڕووی وەسـف و گـرێچنەوە. هـەروەک قـسـەکـردن و شـیـکردنەوەی ئیـشـەکـان کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر نووسینەکانم.

* گرینگترین پاڵنەری نووسینی ڕۆمانی قەڵای دیجیتاڵ چی بوو؟

– لە بەهـاری ١٩٥٥ قـوتـابیـیـەک لەسـەر سـایتی "نێت" لە مـیـانەی نامـە ئەلیکتـرۆنییـەکانییـەوە کە بۆ هـاوڕێکانی ناردبوونی، دەرکـەوت توانیویەتی بگاتە دەزگای

هەواڵگریی نهێنیی ئەمریکا، بگرە ئامادەی کوشتنی بیل کلنتۆنی سەرۆکی ئەمریکایش بوو. هەرچەندە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا هیچ ترسێکی لەبارەی نیازی ئەم مناڵانەوە دەرنەبڕی، بەڵام من کەوتمە سۆراخی ئەم دۆزە و لێکۆڵینەوەی زۆرم ئەنجام دا لەبارەی چەندین ڕێکخراوی وەک دەزگای FBI و ئەمنی نەتەوەیی کە ٢٪ ی خەڵکی ئەمریکا شتێکی ئەوتۆ لە بارەی رۆڵییەوە نازانن، کە چۆن ئەم دەزگایە وەک گسکێکی کارەبایی زانیاریی دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتان دەمژێت و ئیشیان لەسەر دەکات، یان چۆن سۆراخی وشە مەترسیدارەکان دەکرێت و چەمکی ئەمنی نەتەوەیی چۆن نهێنیبوون و مەبەستی ئەفسووناوی لەخۆ دەگرێت. هەموو ئەم شتانە بوونە باکگراوندێکی گەورەی رۆمانی قەڵای دیجیتال بەر لە نووسینی.

* چۆن بۆ نووسینی ئەم رۆمانە ژمارەییە لە سۆراخکردن بەردەوام بوویت؟




– پێم وا نییە رۆمانی قەڵای دیجیتال رۆمانێکی تەکنیکیی کۆددار بێت، چونکە ئیشم لەسەر راوەدونان و چیرۆکی خۆشەویستی کردووە، وەک باکگراوندێکی ئەو دەزگا ئەفسووناوییەی پێشتر باسم کرد، بەشە زانیارییەکەیشی کاری نەکردووەتە سەر سەرنجراکێشیی رۆمانەکە. لەو نامانەیشەوە کە لە خوێنەرانەوە پێم گەیشتوون، جەختیان کردووەتەوە کە دوور لە دەزگای ئەمنی نەتەوەیی و بە کۆد نووسین رۆمانەکەیان خۆش ویستووە، چونکە رۆمانە نەک کۆمپیوتەر.

* چۆن لە سەرچاوەکانت نزیک کەوتیتەوە، بۆ نموونە دەزگای ئەمنی نەتەوەیی؟

– لە سەروبەندی گەڕان بە دوای شێوەی نووسینی رۆمانەکەدا، لەگەڵ چەند کەسێکا قسەم کرد، دواتر بۆم دەرکەوت ئەوان لە ئەفسەرانی پێشووی ئەو دەزگایە بوون، بۆیە شانس یار بووم لە دانیشتنم رووبەڕوو لەگەڵ کەسێکی باوەڕپێکراو لە پاراستنی نهێنییەکان لە کۆمسیاریی ئەمریکیدا. دیارە یاسای ئازادیی زانیارییەکانیش لەوەدا زۆر هاوکارم بووە.

* حکوومەت تا چ ئاستێک ئاگەداری ژیانی هاووڵاتیی توێژی ناوەڕاستە بەتایبەتی؟

**هەندێ لە خوێنەرانیش پێیان وایە دەشێت هەندێک لە رووداوەکانی رۆمانەکە لە ژیانی واقیعیدا روو بدەن**

– حکوومەت لە بارەی ئێمەوە زۆر لەوە زیاتر دەزانێت کە خۆمان وێنای دەکەین. ئەوان مانگی دەستکردیان هەیە کە دەتوانێت گوێ لە گفتوگۆ تەلەفۆنییەکان و هەموو جۆرەکانی تری پێوەندییە ئەلیکترۆنییەکان بگرێت، بەڵام دەزگای ئەمنی نەتەوەیی زیاتر ئیش لەسەر تیرۆریستان دەکات وەک لە هاووڵاتیی ئاسایی کە هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە.

* چەند لەو لێدوانانە رازییت کە لەبارەی رۆمانەکەوە پێت گەیشتوون؟




– پێدەچێت خەڵکی زۆر لێی رازی بن و بە پڕفرۆشترین رۆمان دانرا و ئێستا لەسەروبەندی بە فیلم کردنیدان. نامەی زۆرم لە خوێنەرانی بە پەرۆشەوە پێ گەیشتووە، هەموویان بە رەهەندە ئاکارەییەکەی سەرسام بوون کە رۆمانەکە لە کاتی خۆیدا خستوویەتییە روو، ئەویش خۆی لەم پرسیارەدا دەبینێتەوە: «دەبێ وەک هاووڵاتی رادەستی چ رادەیەک لە نهێنی بین تا ئەمنی نەتەوەییمان دەستەبەر بکەین؟» هەندێ لە خوێنەرانیش پێیان وایە دەشێت هەندێک لە رووداوەکانی رۆمانەکە لە ژیانی واقیعیدا روو بدەن، دوور لە دەزگای هەواڵگری و خوێنەرانی بە پەرۆش بۆ رۆمانە سیخوڕییەکان.

**من تەنیا وەک ئامێرێکی ئیلهام بەخش "ویب" بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی هزر و بیرۆکەکان، هاوکات پشت بە کتێبیش دەبەستم**

* ئەمریکییەکان شتێکی ئەوتۆیان لەبارەی دەزگای ئەمنی نەتەوەییەوە نەدەزانی، ئاخۆ ئیشی ئەم دەزگایە چی بێت؟

– ئەم دەزگایە لە مانگی نۆڤێمبری ١٩٥٢ لەلایەن سەرۆک "ترۆمان"ەوە دامەزرێنرا و کاریشی شیکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییەکانە کە لە وڵاتانی دژی ئەمریکاوە وەردەگیرێن، هەروەک پێوەندیی نێوان سوپا و بەرپرسانی ئەمریکا

دەستــەبەر دەکات، بەرپرسـیشـە لە ئەنجـامدانی شـەڕی زانیـاری و دزینی نهـێنییـەکانی خەڵکانی تر و بودجـەکەیشی ١٢ بلیۆن دۆلار ساڵانەیە و نزیکەی ٢٥ هەزار کارمەند ئیشی تێدا دەکەن و رووبەرەکەیشی ٨٦ هیکتار زەوییە و بریتییە لە شوێنی کاراترین ئامێرەکانی کۆمپیوتەر لە جیهاندا، وێڕای هەندێ کۆدنووسانی بێوێنە و زانایانی بیرکاری و تەکنیکار و شرۆڤـەکاران. رۆمانی قـەڵای دیجیتـالش باس لە نموونەیەک لە ژنان دەکات کە لە نێو ئەم دیوارە پیــرۆزانەدا ئیش دەکــات، ئـامــانجی گــەوهـەریی ئەم دەزگــایەش چاودێریکردنی پێـوەندیی ئەمـریکییــەکـانە، چونکە ئەم چاودێریکردنە کـارێکی پێـویسـتـە بۆ ئارامی و دڵنیابوونی هاوولاتیی ئەمریکی لە هێرشە تیرۆرستییەکان.

* کام بەش لە نووسینی رۆمانەکە لەوانی تر گرانتر بوو؟




– رۆژانە (٥ – ٨) کـاتژمـێـرم لە دەســتنووســەکــاندا بەســەر دەبرد، تا رۆمانەکە بووە رۆمانێکی ٣٥٠ لاپەڕەیی زیاتر لە هەزار لاپەڕەم نووسی.

* ئەی چۆن کارەکتـەرەکانی وەک: سوزان فلیتشـری کۆدنووسی شـۆخ و شـەنگ و داڤـیـدی مـامـۆسـتـا لە زانکۆی جـۆرج تاون و پسپۆڕ لە زمانە بیانییەکانت خوڵقاند؟

– سـوزان و داڤـیـد لەو نموونە مـرۆڤـانەن کـە خـۆم زۆر باش دەیانـنـاسم، چونکە خـۆم شـەیدای خـوێندنەوەی ئەو کـارەکـتـەرانەم کـە بەهـرەی دیاریان هەیە.

* ئایا پێشکەوتن لە تەکنیکی تەکنۆلۆجیدا مەرگی نهێنی مرۆڤەکان ناگەیەنێت؟

– بەڵێ هەمـوو رۆژێک خەڵکی مـەدەنی نهێنیی کەمـتر و کەوتریان دەبێت، جیـهـان بووەتە شـوێنێکی ترسناک، تاوانکاران توانای گەیشتنیان تەنانەت بە هەمـان تەکنیک هەیە، ئەگـەر حکوومـەت بیـەوێت ئەو تیـرۆرسـتـانە دەسـتگیـر بکات کە پۆسـتی ئەلیکترۆنی یـان مۆبایل بەکار دەهێنن، لەم حاڵەتـەدا ئەوانیش ئامرازی چاودێریکردنی ئەمجۆرە پێوەندییانە بەکار دەهێنن، ئەوکات نرخی ئەمنی نەتەوەیی دەبێتە زیانێکی هەمەکی لە بواری نهێنیبووندا.

* با قسە لە شوێنەکان بکەین، داخۆ شوێن رەهەندێک بۆ چیرۆک زیاد دەکات؟

– ئەگەر بتەوێ چیرۆکێکی خۆشەویستی بنووسیت، چیرۆکەکە مەخەرە ناوەڕاستی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلەوە، بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە سەرنجڕاکێشەر بێت، دەبێ دیمەن لەگەڵ شوێنەکەدا هەماهەنگ بێت، ئەگەر چیرۆکت لەبارەی قوتابخانەیەکی تایبەتەوە نووسی و لەمیانەی زانیارییەکانەوە چییەتیی کاری قوتابخانەکە و نهێنییەکانت نەنووسی، بێگومان چیرۆکێکی بێزارکەر دەبێت.

* ئایا گرینگە نووسەر تۆڕی "نێت" بەکار بهێنێت؟

– ئەگەر ویستت لەبارەی شتێکەوە بنووسیت "ویب"ت بەکار هێنا، دەبێ دەرک بەو بەرپرسیاریەتییە بکەیت، چونکە نیوەی زانیارییەکانت دەچێتە تەنەکەی خۆڵەوە، دەبێ نووسەر ئاگەداری ئەوە بێت. من تەنیا وەک ئامێرێکی ئیلهام بەخش "ویب" بەکار دەهێنم بۆ پێکهێنانی هزر و بیرۆکەکان، هاوکات پشت بە کتێبیش دەبەستم.




* حەزت لە خوێندنەوەی چ جۆرە کتێبێک هەیە؟

– دەزانم دەبێ کتێبی هەموو ئەو گەورە نووسەرانەم لابێت کە ئیلهام بەخشم بوون، بەڵام زۆر بە نووسینەوە سەرقاڵم و بواری خوێندنەوەم نییە لەوەدا نەبێت کە بەدوای شتێکدا دەگەڕێم لە پێناوی نووسینەکانی خۆمدا. لە سەروبەندی نووسیندا هەندێک لەو چیرۆکە سەرنجڕاکێشانە دەخوێنمەوە کە لە کتێبخانەکەمدا هەیە و دەخوێنمەوە.

* پرۆژەی داهاتووت چییە لە نووسیندا؟

– خانەی بڵاوکردنەوە مافی دوو ڕۆمانی داهاتوومی کڕیوە، بۆیە من بەجدی لە ئیشکردنام لە چیرۆکی"تینکۆ"دا، کە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە و ناوەڕۆکی لە نێوان سویسرا و ڕۆمادا روو دەدەن، لەوێدا کە شەڕی دێرینی نێوان ئاین و زانست دووبارە هەڵدەگیرسێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ثقافة بلا حدود"